## مۆبایلێک کە شاشەکەی دەنوشتێتەوە



مۆبایلێك كە شاشەكەی دەنوشتێتەوە بۆ سەیركردنی ئیمێڵ و دەق و نووسین و سەیركردنی هەواڵ و سایتەكان زۆر باشە، لەلایەن كۆمپانیایەكی هوڵەندی هاتەبەرهەم.

شاشەی ئەو مۆبایلە پێنج ئینجە، مۆبایلەكە بە (Readius) ناسراوە، ئەو توانایەی هەیە كە بەبێ ئەوەی كە قەوارەی مۆبایلەكە گەورەبێت، شاشەكەی گەورەتر بكرێتەوە. لە ریزی مۆبایلەكانی نەوەی سێهەمە ئەوەی كە كۆمپانیای مۆبیتێل لە هەرێمی كوردستان كاری پێدەكات.

## مۆبایلەکانی داهاتوو پێویست بە شەحن ناکات





توێژەرەوانی زانكۆی ئالبرتا تەنكۆلەیەكی (تەنكۆڵە واتە ئینگلزییەكەی (CHIP). كۆمپیوتەریان بەرهەم هێناوە، كە 100 جار كەمتر لە (CHIP)ەكانی ئەمڕۆ وزەی پێویستە. ئەو تەنكۆڵەیە دەكرێ لە ئامێری بچووكی كەم وزە سوودی لێوەربگیرێ. لە داهاتوودا ئەو تەكنەلۆژییە نوێیە، لە مۆبایلدا سوودی لێوەردەگیرێ و ئەوكاتە مۆبایل هیچ پێویست بە شەحن كردنەوە ناكات. ئەو (CHIP)ە دەكرێ لەو ئامێرانەش بەكار بێت كە وزەی كەمیان پێویستە و زۆریش كاریگەرن بۆ نموونە دڵی دەستكرد. جیهان لەگەڵ گرفتی وزە بەرەو روویە هەربۆیە هەوڵدانی زانایان بۆ ئەمەیە كە ئامێری ئەوتۆ بەرهەم بێنن كە وزەی كەمتری بوێت.

## MP3 Player و هاردی 20 گیگابایتی





20 گیگابایت بۆ ئامێرێكی بچووكی وەك MP3 player بەڕاستی شتێكی خەیاڵییە. چونكە لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا، هاردی كۆمپیوتەری 20 گیگاباتیش زۆر كەم بوو. هاردی ئەو ئامێرە دەتوانێ 5 هەزار گۆرانی لەخۆیدا خەزن بكات. پێموایە ئیدی ئەوەندە قەوارەیە بەس بێت بۆ گوێگرانی گۆرانی و مۆسیقا. ئەو MP3 Player، بە Yh925GS ناسراوە. توانای بڵاوكردنەوەی فایلەكانی مۆسیقی بە فۆرماتەكانی MP3 و WMA هەیە، ئەوەش یەكێكە لە كەموكوڕیەكانی ئەو ئامێرە چونكە خوێندنەوەی دوو جۆرە فۆرمات بۆ ئەو هاردە زۆر كەمە. ئەو ئامێرە رادیۆی FMیشی لەگەڵدایە. شاشەی ئەو ئامێرە لە جۆری LEDیە كە زانیاری تایبەت بە فایلەكان نیشان دەدات. باترییەكەی شەحن دەبێتەوە كە هەر شەحنكردنەوەیەك تاكو 10 كاتژمێر دەخایەنێ. كێشی ئەو ئامێرە 150 گرامە.

# کامێرایەک کە دیقەکەی 160 میگابایتە لەبری سکاینەر کاری پێدەکرێت




ڕەنگە ئەوانەی ئەرکیان کامیراڤانییە لایان جێگای سەرسوڕمان بێ کە کامێرایەك هەیە دیقەی وێنەکانی 160 میگابایتە! ئەو کامێرایە لەبری سکاینەر بەکاردێت. لەلایەن کۆمپانیای Seitz هاتۆتە بەرهەم. ڕەنگە کامێرایەکی ئەوەندە قەبارە گەورە زۆر سەیر بێت چونکە قەوارەکەی 16×17 دایە. کێشەکەی چوار کیلۆ و نیوە. تەنیا دەکرێ لەسەر پایە دابندرێت. ئەو وێنانەی بەو کامێرایە دەگیرێن قەوارەیان 170×60 ملمە. لەکاتێکدا کە قەوارەی وێنەکان بە کامێرای دیجیتالی دیکە تەنیا 24×36 ملمە. دیقەکەی زۆر خەیاڵییە واتە 7500×21500 پیکسلە. ئەگەر دیقەکەی جێگای سەرسامییە بۆ کامیراڤانان، لە نرخەکەی هەموو لایەك سەری سوڕدەمێنێ، چونکە پێتان سەیر نەبێ کە دەڵێن نرخەکەی زیاتر لە (45) هەزار دۆلارە. بۆ ئەوەکەی باشتر لێی حاڵی بن چوار دەفتەر و نیوە.


# فێنککەرەوەی لاپ تۆپ



کۆمپیوتەر یەکێك لەو ئامێرانەیە بەهۆی ئەوەی کە گشت پارچەکانی ناوی لە چالاکییەکی خێرادان بۆیە زوو گەرم دادێت، ئەگەر ئامێرێکی فێنك کەرەوە نەبێت، بێگومان هیچ کۆمپیوتەرێك لە چەند کاتژمێرێك پتر دەوام ناکات. بۆ ئەم مەبەستە تەکنەلۆژیای جۆراوجۆر هاتوونەتە بەرهەم. کۆمپانیای Clooer Maser ئامێرێکی فێنك کەرەوەی تایبەت بە کۆمپیوتەری جۆری لاپتۆپی هێناوەتە بەرهەم کە کێشی زۆر کەمە و بۆ هەڵگرتن زۆر باشە. ئەو ئامێرە خاوەنی دوو پۆرتی USBیە و کەلێنێکی لە خوارەوە هەیە بۆ ڕاگرتنی کێبڵی USB و پارچەیەکی کانزایی بۆ فێنك کردنەوەی زیاتر. ئەو فێنك کەرەوە دەتوانێ تاکو 17 پلە گەرمی دابەزێنێ.




# پێنووسی دیجیتالی شوێنی پێنووسی ئاسایی دەگرێتەوە



ژیان لەم سەردەمەدا بۆتە دیجیتالی، کامێرا دیجیتالی، تەلەفزیۆن دیجیتالی، لەم دواییانەشدا پێنووسی دیجیتالی هاتۆتە بەرهەم. پێنووسی دیجیتالی هۆشمەند لە ڕاستیدا بۆخۆی کۆمپیوتەرێکە کە لە قەپێلکی پێنووسدا جێی گرتووە. بەهۆی ئەو پێنووسەوە یادداشتەکان و فایلە دەنگییەکان بۆ کۆمپیوتەر دەگوازرێنەوە. پێنووسی دیجیتالی Pulse کە لەگەڵ ویندۆز ڤیستا و ئێکس پی دەگونجێت لە دوو مۆدێلی یەکگیگابایتی و دووگیگابایتی بڵاوبۆتەوە. مۆدێلی یەك گیگابایتی زیاتر لە سەد کاتژمێر دەنگ تۆمار دەکات و هەروەها 16 هەزار لاپەڕەی یاداشت لەخۆیدا خەزن دەکات و مۆدێلەکەی دیکەیان دوو قاتی ئەو مۆدێلە داتا لە خۆیدا خەزن دەکات. بۆ سوود وەرگرتن لەو پێنووسە پێویستی بە کاغەزێکی تایبەتە کە بە "دات" ناسراوە. پێنووسی هۆشمەندی دیجیتالی ئەو توانایەی هەیە جوڵەکانی بەکارهێنەر لەخۆیدا تۆمار بکات. کۆمپانیایەکەی ڕادەگەیەنێ نرخی کاغەزە تایبەتییەکە هیچ فەرقێکی نییە لەگەڵ کاغەزی ئاسایی. ئەو پێنووسە حیبری تایبەت بەخۆی هەیە کە دەگۆڕدرێت، بەڵام ئەگەر تەواویش بێت پێنووستەکە جوڵەکە هەر تۆمار دەکات. 155 ملم درێژی، 14 ملم پانایی و نزیکەی 37 غرام کێشییەتی. جگە لەوەش خاوەنی باترییەکی جۆری لیتۆمە کە شەحن دەبێتەوە.





# چۆنییەتی داخستنی ئۆتۆماتیکی ئەو پرۆگرامانەی کە جام دەکەن

بەدڵنیاییەوە ئەو گرفتە زۆرجاران بۆ ئێوە هاتۆتە پێش کە پرۆگرامێکتان کردۆتەوە، بەڵام لەناکاو پرۆگرامەکە جام دەکات و ئەو پەیامە دێتە سەر شاشەکە. (Not Responding). ئاسانترین شێواز کە هەموو لایەك دەیگرنە بەر داگرتنی سێ دوگمەی Ctrl+Alt+Delete پێکەوەیە. پاشان پرۆگرامی End Taskە تاکو پرۆگرامە جام کراوەکە دابخرێ، بەڵام رەنگە ئەوە زۆر بخایەنێ.

لێرەدا شێوازێکی نوێتان بۆ باس دەکەین کە زۆر ساناتر بێت. پاش سوود وەرگرتن لەو شێوازە هەر کاتێك پرۆگرامێك جام بکات، ئۆتۆماتیکی دادەخرێت. بێ ئەوەی کە هیچ هەنگاوێك بگریە بەر.

بۆ ئەم مەبەستە: لە قائیمەی Start بچۆ سەر فرمانی Run و پاشان دەستەواژەی Regedit بنووسە و دوگمەی Enter لێبدە. ئەوکاتە پەنجەرەی ریجستەری دەکرێتەوە. ئێستابچۆ سەر ئەم بەشە HKEY_CURRENT_USER/Control Panel/Desktop و لەبەشی دیکەی ریجستەری لەسەر فرمانی AutoEndTAsks دوو جار کلیك بکە. لە پەنجەرە بچووکەکە لەبەشی Value Datga ژمارەی (0) بکە بە (1) و پاشان دوگمەی OK لێبدە و ریجستەری دابخە. سیستەمەکە سەرلەنوێ ریستارت بکەوە.




# چۆنییەتی خاوێنکردنەوەی پرینتەری رەنگی

شێوازی کارکردنی پرینتەر دوو جۆرە، لەیزەری واتە (لەیزەر جێت) کە کارکردی پرێنت کردنەکە بەهۆی تیشك و رووناکیەوەیە. پرینتەری جۆری (دیسك جێت) ئەو پرینتەرە بەهۆی لێکخشانی مەخزنەی حیبر کە (کارتریج)ی پێدەگوترێت بە وەرەقە کرداری پرێنت کردنەکە ئەنجام دەدات.

ئێستا لە کوردستان پرێنتەری رەش و سپی بە زۆری جۆری لەیزەری کاری پێدەکرێت، چونکە نرخەکەیان ئەوەندە لەسەری نییە، بەڵام پرێنتەری رەنگی جۆری لەیزەر نرخیان زۆر لەسەریە، هەربۆیە پرێنتەری رەنگی



جۆری دیسك جێت سوودی لێوەردەگیرێت.

گرفتێکی سەرەکی ئەو پرێنتەرانە هەیانە ئەوەیە حیبرەکەیان زۆر زوو وشك دەبێت و ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە وەرەقەکە هێڵی زیادی تێبکەوێ. پێویست بە خاوێن دەکات. بۆ خاوێنکردنەوەی ئەم جۆرە پرێنتەرانە لەسەرەتادا پێویستە پرێنتەرەکە بکوژێتەوە و لەسەر کارەبا نەبێ، کەچی ئەو کاتیش گرفتێك روو دەدات، هەرکە کوژاتنەوە، شوێنی کارتریجەکە ناجوڵێ، بۆ ئەوەکەی بەسەر ئەم گرفتەدا زاڵ بن، کە وایەری کارەباتان داناو جوڵەی کرد، دەستبەجێ وایەرەکە لە کارەبا دەربێنن، واتە بە دوگمە مەیکوژێنەوە. بە پارچەیەك تەربوو بە سپرتۆ شوێنی کارتریجەکە و ئەو شوێنەی کارتریجەکە جوڵەی پێدا دەکا خاوێن بکەنەوە، دوای وشك بوونەوە پرێنتەرەکە هەڵبکەونەوە.

# سێوە سوورەکەی ناوماڵ




تەلەفزیۆن ئەو ئامێــرە گرنگەی گەیاندن، ئەگەر لە هەر ماڵێکدا نەبێت، ئەوە ماڵە وەك چۆڵ و هۆڵ دەچێت، دەتوانین بڵێین تەلەفزیۆن بەتەواوی شــوێن رادیۆی گرتۆتەوە، بەرلە داهاتنــی تەلەفزیۆن، رادیۆ گرنگتریــن و خێراترین ئامێری گەیاندن بوو، بەڵام بە داهاتنی ئەو ئامێرە ئیدی رادیۆ کەوتە پلەی دووهەمەوە.

هــەر لە ســەرەتای داهاتنی ئــەو ئامێرەوە تاکو ئێســتا گۆڕانکاری زۆری بەسەرداهاتووە، ساڵیانی ساڵ، تەلەفزیۆن هەر رەش و سپی بوو. دواتر رەنگی. پاشان قەوارەکەی بچووك و کێشەکەی سووك کرا.

لەم دواییانەدا کۆمپانیای Sanrio تەلەفزیۆنێکی نوێی بەرهەم هێناوە، کــە زۆر جیایە لــە تەلەفزیۆنەکانی دیکە. کۆمپانیای ناوبــراو کە بەرهەمــە دیجیتاڵییەکانی بەناوی Hello Kitty (ســڵاو پشــیلە) بڵاودەکاتــەوە، ئەو تەلەفزیۆنەی لەســەر شــێوەی ســێوێکی ســوور دروست کردووە. زۆر وەك تەلەفزیۆنەکانــی دەیەکانــی رابــردوو دەچێــت کــە لەنــاو ناو ســندوقێکدایە و دەرگاکانی دادەخرێــن و دەکرێنەوە. ئەو تەلەفزیۆنە وێنــەکان بە دیقەی 600×800 پیکســڵە و کێشەکەی 7 کیلۆگرامە.

# کامێرایەک بۆ فیلم هەڵگرتنەوە لە ژێر ئاودا



کامێرایەکی فیلم هەڵگرتنەوەی دیجیتاڵی بە توانای تایبەتییــەوە هاتە بەرهەم. ئەو کامێرایە لەلایــەن کۆمپانیای Sanyo یەوە داهێنراوە. کامێرای VPC-CA65 کامێرایەکــی دژی ئاوە کــە دەکرێ تاکو قوڵایــی مەتــر و نیوێك لە ژێر ئــاودا ب ماوەی 60 خولەك فیلم هەڵبگرێتەوە. کام ناوبــراو خاوەنی فــلاش میمۆریــە و هەم کارتــی میمۆری جــۆری SD و HC دەخوێنێتەوە.

دیقەی وێنەی ئەو کامێرایە لە کاتی وێنەگرتندا 6 میگایــە و لەکاتی فیلم هەڵگرتنــەوەدا 480-640 یکسیلە. خێرایی فیلم هەڵگرتنەوەکەی 30 فرێمە لە چرکەیەکدا. فیلمە خەزنکراوەکەش بــە فۆرماتی MPEG-4 خــەزن دەبن. توانای زۆمی ئیپتیکالی کامێرا (5+)ە. کامێرای VPC-CA65 زۆر ســادە، بچوکــە و کێشــەکەی زۆر کەمــە. تەنیا دوگمەیەکی بۆ فیلم هەڵگرتنەوە هەیە. کێشی کامێرا تەنیا 217 گرامــە. ئەو کامێرایە ەکنەلۆژیای دژە لەرزینــی تێدایە. هەروەها تیشــکانەی کە گڵێنەی چاو ســوور دەکەن لادەبات. خاوەنــی دوو مایکرۆفۆنە و باترییەکەی کە شەحن بکرێتەوە هەتا کاتژمێرێك دەخایەنێت.

# کامێرایەک رێنماییە بۆ گەشتیاران

نوێترین کامێرای وێنەگری کۆمپانیای سامســۆنگ کە ئەم ساڵ هاتە بەرهەم و بە مۆدێلی i8 ناسراوە. قەپێلکی ئەوکامێرایە زۆر ســادەیە و تەنکە، رەنگەکانی جۆراوجۆرن. پەمەیی، شین و زێوی. دیقەی نیشــانداوی ئەو کامێرایــە 8 میگایە و توانای زۆمەکــەی 3 قاتە. قەوارەکەی زۆر بچوکە بە جۆرێك لە بەرکدا جێگای دەبێتەوە. شاشەکەی جۆری LCDیە. تایبەتمەندییەك کە ئەو کامێرایە لە کامێراکانی دیکەی وێنەگرتن جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە مۆســیقا و فیلمیش بڵاو دەکاتــەوە، واتە هەم کامێرایە و هەم MP3 playr. دەکرێ هەم وێنە بگری و هەم گوێ لە مۆسیقا بگری. زۆربەی فۆرماتەکانی دەنگی و رەنگی دەخوێنێتەوە.

کامێرای i8 خاوەنی سپیکەرێکە و تەکنەلۆژیای ناسینی دەم و چاو و کەم کردنەوەی ســووربونی چاویی تێدایە. کامێرای ناوبراو بۆ کاری فیلم هەڵگرتنەوەش دەشــێت. تایبەتمەندییەکی بەرچاو کە لەو کامێرایە دایە ئەوەیە کــە رێنــمای گــەشتوگوزاری جیهانی تێدایە و زانیاری 4500 ناوچــەی جۆراوجۆری 30 وڵاتــی جیهانی تێدایە.

